

# ئێکسسواری ملوانکە بۆ مۆدەی ئێستا!



جۆرە ئێکسسوارێکی تازە هاتە نێو مۆدەکانی جیهانی ئێکسسوار، کە کەرستەیەکی سادەیە و بەئاسانی دەتوانرێت درووست بکرێت!

ئەم ئێکسسوارە بریتییە لە ملوانکەی مل، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر ناسك و لەمۆدەی پێشوو جیاوازتر، چونکە لە مۆدەی پێشوو شێوەی ملوانکە بچووك و باریك بوو، بەڵام ئەوەی ئێستا بە گەورەوە زیاتر دەردەکەوێت و شێوەی لە ملوانکەکانی پێشوو ئەستوورترە و ئەمەش دەبێتە جیاوازی نێوان مۆدەی پێشوو و ئێستا..


ئێکسسواری لەم شێوەیە بۆ گشت کەسێك دەبێت کە هەیە ملی جیاوازە لەوەی دیکە، بەهۆی ئەوەی ئەم ملوانکەیە گەورەیە و شێوەی مل دادەپۆشێت و دەبێتە ئێکسسوارێکی تایبەت بۆ مۆدەی ئێکسسواری ئەمساڵ.

ڕەنگەکانی ئەم ئێکسسوارە ملوانکەیە لە ڕەنگی کراوە دەبێت وەك ( ڕەش و سپی، زەرد، ڕەساسی، ڕەنگی زێڕین).

ئەمەش شتێکی تازەیە لە بواری مۆدەی ئێکسسوار و هەروەها سوودێکی تایبەتی هەیە کە لەگەڵ گشت جلێك دەگونجێت!



# چۆنیەتی ڕێکخستنی ژووری دانیشتن



ژووری دانیشتن وەك ژوورێکی حەسانەوە و پشوودان دەبێت کەشێکی هێمن و سادەی هەبێت تاوەکو مێشکی مرۆڤ بحەسێنێتەوە، ئەمەش دەبێت لە ڕێگەی دیکۆرەوە ئەم کارە ئەنجامبدەین! وەك هەر کەرستەیەکی پێویست لە ژووری دانیشتن چەند کەرستەیەکی گرنگ پێویستە لەوانە: (قەنەفە، تەلەفزیۆن، کتێبخانە، مێزی بچووك، ئێکسسواری ماڵ...)! ئەوەی گرنگ بێت شێوەی دانانی ئەم کەرستانەیە بۆ ئەوەی جوانترین شێوە ببەخشێت. شێوەیەکی جوانی مۆدە ئەورووپی هەیە ئەویش ئەوەیە زۆربەی کەرستەکان لە لایەکی ژوورەکە کۆبکەیتەوە بە تایبەت لە ناوەڕاستی ژوور وەك شێوەی ئەم وێنەیە. بەڵام لە مۆدەی ڕۆژهەڵاتی زیاتر ناوەوەی ژوور چۆڵ دەبێت و کەرستەی لێوە دانانرێت..

ئەم دوو شێوەیە دەتوانیت لەرێگەیانەوە ژووری دانیشتنت برازێنیتەوە و تاوەکو ببێتە ژوورێکی حەسانەوە بۆت، ئەمەش دەکەوێتە سەر ئاستی حەزی دیگۆری خۆت کە چۆن یەکێك لەم دوو شێوەیە دادەنێت



# چەقۆ كوول بوون چۆن چارەسەر دەكەیت؟!




وەكو هەر ئەركێكی ژووری چێشت دەبێت كەرستەكانی چێشت هەردەم پاك بێت، ئەمەش بۆ ئەوەی خانمی تۆ دەربكەوێنێت، یەكێك لەم كەرستانەی كە هەردەم پێویستیان بە پاكی هەیە ئەویش (چەقۆیە)!
چەقۆ دوو مەرجی سەرەكی دەبێت لێوەی هەبێت، یەكێكیان: پاك بێت و هەردەك لە پیسی دوور بێت.
دووەمیان:دەبێت (تیژ) بێت بۆ ئەوەی كاری پێبكرێت!
یەكێك لەم گرفتانەی تووشی خانمان دەبێتەوە لە ژووری چێشت لێناندا، ئەویش كولبوونی كەرستەكانی بڕینە وەك (چەقۆ)، هۆكارێكی سەرەكی هەیە كە چەقۆ كوول دەكات! ئەم هۆكارەش تەنیا (پیاز)ە بە هۆی ئەوەی ماددەیەكی تێدایە كە دژی ماددەی ئاسنینە! تاوەكە لەم گرفتە رزگارت بێت، تەنیا ڕێگە چارەیەكی شایستە هەیە، ئەویش بەم شێوەیە: - بتوانە چەقۆ هەڵبگریتەوە بە پاكی دوای ئەوەی بەكاریدەهێنیت! هەروەها ئەم كارەش ئەنجامبدە كە (چەقۆ)یەكی تایبەت دابنێ تەنیا بە پاككردنی (پیاز)، ئەمەش بۆ ئەوەی گشت چەقۆكانت لە ماوەیەكی كەمدا كول نەبێت، بەڵكو باشترە یەكێكیان كول بێت نەوەك بكەویتە حاڵەتێك پێویستیت بە چەقۆ هەبێت!

# (خوێ) چارەسەرێكی سرووشتی بۆ ددانەكانت!



یەكێك لەم خواردنە سرووشتیانەی كـە دەتوانیـن سـوودی لێوە وەربگریـن، ئەویش (خوێ)یە! زۆر جار دەبێت ددانەكانت تووشی ژان و یان جۆرە ڕەنگێكی زەرد دەبێت كە بە شووشتنی بە فڵچە لاناچێـت، لەم حاڵەتە دەتوانیت سـوود لە خوێ وەربگرێت وەك چارەسـەرێك بۆ پاككردنەوەی ددانەكانـت! دەتوانیـت لـەم ڕێگەیەوە خوێ بەكاربهێنیت بۆ پاككردنەوەی ددان:
- پەنجەیەكی دەستت بە (ئاو) بكە و پاشان بخەرە ناو (خوێ)!
- ئەم پەنجەیەت بەناو ددانەكانت دابهێنە و بەڵام ئاگاداری لێواری ڕەگـی ددانەكانت ببە ئەمەش بۆ ئـەوەی كـە خوێیەكە بەر گۆشتەكە نەكەوێت!
- ئەم ڕێگەیە هەفتەی جارێك دووبـارەی بكەوە بـۆ ئەوەی ژان و هەندێك پیسـی لە ناو ددانەكانت پاك بكاتەوە چونكە خوێ ماددەیەكی سوێرە و شتی شیرین و ترش پاك دەكاتەوە!
- یاخـود دەتوانیت كوپێك ئاو بهێنیـت و هەندێـك (خوێ) تێبكەیـت بـۆ ئـەوەی ببێتە (خوێ و ئاو) پاشـام ئەم ئاوە بخەرە ناو دەم و غەلغەلەی پێ بكە بۆ ئەوەی نەخۆشییەكانی ناو دان چارەسەر بكات.






# منداڵێکی (١٠) ساڵ دەتوانێت (١١) زمان قسەبکات!

ئەم منداڵە هیندستانییە خاوەن بەهرەیەکی سەیرە و کەس لەم تەمەنەی ناتوانێت بەم شێوەیە ببێتە خاوەن ئەم بەهرەیە! بەهرەی ئەم منداڵە بریتییە لەوەی دەتوانێت بە (١١) زمان قسە بکات، ئێستا لە وڵاتی بەریتانیا دەژیت و لە قوتابخانەیەك دەخوێنێت لە شاری بێرمنگهام!
ناوی ئەم منداڵە (ئەربان شارما)یە و تەمەنی (١٠) ساڵە و سەرەتا لە خوێندنەکەی زۆر بە ئاسانی فێری ئینگلیزی دەبێت. دواتر مامۆستاکەی (٢) زمانی دیکەی بۆ زیاد دەکات ئەوانیش فێردەبێت کە بریتییە لە زمانی (ئیتاڵی و فەرنسی). منداڵەکە بەردەوام دەبێت لە فێربوونی زمان تا دەگاتە ئەوەی دەتوانێت (١١) زمان فێربێت، زمانەکانیش بریتییە لە (ئینگلیزی، ئیتاڵی، فەرەنسی، چینی، پۆڵەندی، ئیسپانی، رووسی. لەگەڵ (٥) زمانی دیکەش کەلەسەر کۆمپیۆتەرەوە فێربووە..
بەهۆی ئەوەی ئەم منداڵە گوێچکەی بەهێزە و خاوەن مێشکێکی بەهێزە کە توانای لەبەرکردنی چەندین زمانی هەیە بۆیە دەتاونێت بەم شێوەیە زمان فێربێت!

# شێوەی (تیمساح) تەنیا لە کۆدی!

لە باشووری وڵاتی ئەڵمانیا توانی شێوەیەکی سەیر درووست بکات، ئەمەش بەبۆنەی جەژنی (هالۆیین) کە ساڵانە ئەم جەژنە یادی دەکرێتەوە هەرەیەکە شتێکی سەیر و جوان دروست دەکات یان دەپۆشێت!
کەچی ئەم برادەرە توانی شێوەی (تیمساح) دروست بکات تە نیا لە (کوودی)، ئەم کەسە ناوی (هارتیم فیلدرش) ە و توانی کۆمەڵ کۆدیەك بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی ئەم تیمساحە دروست بکات، ژمارەی ئەم کۆدیانەی بەکاریهێناوە لە دروست کردنی ئەم شێوەیە گەیشتە (٨٩٠) کۆدیە، بەڵام ئەم پیاوە کێشەیەکی هەیە لەم شێوەیە، ئەویش ئەوەیە: کە ئەگەر یەکێك لەم کۆدیانە تێکچوو لەوانەیە شێوەکەی لێبکەوێت و برووخێت.





# یەکەم ئوتۆمبێل لە مێژووی جیهانی ئوتۆمبێل!

کێ لە ئێمە باوەڕ دەکات ئەم شتە ئوتۆمبێل بێت؟! بەڵام ناچارین کە باوەڕ بکەین کە ئەمە جوانترین ئوتۆمبێلە لەسەردەمی کۆن، یەکەم ئوتۆمبێلە لە وڵاتی رووســـیا درووست کراوە و شێوەیەکی زۆر سەیر و گەورەی هەیە، وەك (شەمەندەفەر)ە بەڵام بەناوی ئوتۆمبێل درووست کراوە..

مێـــژووی ئەم ئوتۆمبێلە دەگەڕێتەوە بۆ ســـاڵانی هەشـــتای ســـەدەکان واتە لە سەدەی رابردوو ئەوەی ئەم ئوتۆمبێلە ببینێت هەســـت ناکات کە ئوتۆمبێل بێت! تایەی ئـــەم ئوتۆمبێلە لە ئاسن دروســـتکراوە و ئەمەش یەکەم تاقیکردنەوەی پیشەسازی وڵاتی رووسیایە، بۆیە توانیان سەرکەوتن لەم ئوتۆمبێلە بەدەست بهێنن..

ئەم ئوتۆمبێلە بە هێزی (نەوت و سووتاندنی دار) کاری دەکرد، ئەم ئوتۆمبێلە بووە بیرۆکەی درووستکردنی شەمەندەفەر کە بە هێزی ئاگر یان سووتان کاربکات. بۆ ماوەیەك ئەم ئوتۆمبێلەیان بەکارهێناوە و دواتر کاری پێشـــکەوتووتریان درووســـت کرد تا گەیشتە ئەم پێشکەوتنەی ئەمرۆ لە جیهانی ئوتۆمبێل!



# (4) منداڵی جمک لە چین!

لە وڵاتی (چین) بە هۆی زۆری رێژەی خەڵك یاســـایەك هەیـــە کە نابێـــت زیاتر لـــە منداڵێك هەبێـــت! ئەمەش بۆ پارێـــزگاری لە زیاتر نەبوونی خەڵك لەم وڵاتە، چونکە چین رێژەی دانیشتوانی دەگاتە زیاتر لە (ملیار)ێك!

خانمێکـــی چینی کە ناوی (کیـــن لین هوا) بوو بەهۆی ئەوەی ســـگێکی گەورەی دەبێت بۆیە دەترسێت لەوەی زیاتر لـــە منداڵێکی ببێت، بۆیە کاتی منداڵبوونی دادێت و دەبێتە خاوەن (٤) منداڵی جمك! ئەمەش لەسەرەتا دەترسن لەم (٤) منداڵە کە نەوەك حکوومەت دەست بەسەر (٣) لە منداڵەکان بگرێت.. بۆیە حکوومەت بڕیارێکی تازە دەردەکات کە یاساکە ئەو ئافرەتانە ناگرێتـــەوە حاڵەتی جمکیان ببێت، بۆیە رێگە دەدرێت بەم ئافرەتە کەوا هەر چوار منداڵی بەخێوبکات.

# ئامێریکی سەیر بۆ پاککردنەوەی سەرشەقام!



لەوڵاتی چین جۆرە ئامرێکی سەیر درووستکراوە، ئەم ئامێرە وەك مرۆڤ کار دەکات بۆ پاککردنەوەی سەر شۆست و شەقامەکان لە پیسی و تۆزوخۆڵ ! لە دانیشتگەی (کینجوانداداو) کە دەکەوێتە هەرێمی (هیبی) توانیان جۆرە ئامێرێك درووست بکەن لە شێوەی ئوتۆمبێلێکی بچووکە و هەروەها چەندین (فڵچەی) لەخۆوە دەگرێت، ئەم فڵچانە دەسوورێت کاتێك ئامێرەکە کاری پێدەکرێت و بۆیە هەرچی تۆزوخۆڵی سەرشەقامە دەخاتە ژێر رەسیفی شەقام..

ئەمەش دواتر لەلایەن ئوتۆمبێلێکی دیکە پاککدەکرێتەوە، ئەمەش هەنگاوێکی پێشکەوتووە لە بواری گرنگیدان بە پاك و خاوێنی شار لەوەی کۆمەڵە کەسێك کاربکات لەسەر شۆستەکان، کە زۆر کەس ئەم کارە ناکەن! سەرەرای ئەوەی وڵاتی چین خاوەن زۆرترین رێژەی دانیشتوانە و ئەم بیرۆکەیە ئێستا زیاتر پەرەی پێدراوە تا توانیویانە ئوتۆمبێلی تایبەت لەم شێوەیە درووست بکەن بۆ پاککردنەوەی سەر شەقام!